## سەرچاوە میدیاییەکانی ئێران باس لە دەرکردنی پاسپۆرتی عێراقی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن




ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی ئێرانی ئاشکرای کرد کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەڵگەنامەیەکی سەفەر و پاسپۆرتی عێراقییان بۆ مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەرکردووە ئاژانسی تەسنیمی ئێرانی لە زاری سەرچاوە عێراقییەکانەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو بەڵگەنامەیەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە بۆ مەبەستی ئاسانکاریکردنە بۆ جوڵەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە داواکراوە. ئاژانسی ئێرانییەکە هەروەها دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی لە هەرێمی هەولێر تۆمەتبار کرد بە حەوانەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و پشتیوانیکردنی ئۆپۆزسیۆنی کورد و جەختیشی کردەوە لەوەی کە دەرکردنی دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەی عێراقی بۆ کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران پێشێلکارییەکی روون وئاشکرای دەستووری عێراقە، ئەمەی خوارەوە چەند وێنەیەکی پاسپۆرتەکەیە کە ئاژانسی موتەڵیع دەستی کەوتووە: